**نرخی رازییکردنی ترامپ بەهێرشەکەی تورکیا بۆ داگیرکردنی رۆژئاوای کاردستان، بۆندێکی ١٠٠ ملیر دۆلاریی بوو**

وەرگێرانی : مستەفا چوارتایی

له" واشنگتۆن پۆست"ەوە:

ترامپ:" لەبیرتان نەچێت، پێش هەموو شتێك؛ تورکیا ئەندامی ناتۆیە."

بۆ کارکردنە سەر تورکیا، ترامپ بەتویتەر دار و گێزەری پێشانی تورکیا دا

گفتوگۆی تەلەفۆنی "ترامپ و ئەردۆغان" بەهەواڵێکی خۆش دەستیپێکرد. بەگوێرەی وتەی چەند بەرپرسێکی ئەمریکیی کە مەرجیان هەبوو ناویان نەبرێت، کورتەی پێوەندییە تەلەفۆنییەکەی ترامپ و ئەردۆغانیان ئاشکرا کرد. کە لەم هەفتانەی دواییشدا باسیلێوەکراوە چۆن پەیوەندیی هەردوولا باشتر بکرێت. ئەویش بە بۆندێکی بازرگانیی ١٠٠ملیار دۆلاریی و لابردنی گەمارۆی بەشداریی تورکیا لەپەرەپێدانی فڕۆکەی F-٣٥ و، هەروەها سەردانی ئەردۆغانیش بۆ ئەمەریکا؛ هەردوولا گفتوگۆیان لەسەر رێککەوتنی نێوانیان بۆ بەڕێوەبردنی کۆمیتەی گەڕۆکی ناوچەی ئارام لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا و بەدرێژایی سنووری تورکیا کرد. تورکیا دەیەوێت بەدرێژایی سنوورەکەی، ئەو ناوچانە لە چەکدارە کوردەکان پاکبکاتەوە، ئەو شەڕڤانانەی لەجەنگی دەوڵەتی ئیسلامییدا زۆر پێوست بوون. بەلای تورکیاوە ئەوانە هاوپەیمانی کوردە تیرۆریستەکانی تورکیان کە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیی دەدەن. ئەردۆگان گوتوویەتی ئەو چەندین مانگە هێزەکانی ئامادەکردووە و دەجووڵێت. کاردانەوەی کۆشکی سپیی روون نەبوو. کارتژمێرێك پێش نیوەشەو؛ راگەیاند: تورکیا ئۆپەراسیۆنەکە ئەنجام دەدات کە لەمێژە پلانی بۆ داناوە، ئەمەریکا پشتیوانی ئەو ئۆپەراسیۆنە ناکات و بەشداریی تێدا ناکات و، لەناوچەکە دەکشێتەوە." سەرکردەکانی پارتی کۆماریی کاتێك بەهەواڵی کشانەوەی هێزەکانیان بەئاگا هاتن، بەتوندی سەرکۆنەیان کرد کە بۆچی ترامپ بۆ تورکیا پشتی کردووەتە کوردەکان. بەرپرسانی پەنتاگۆن کەوتنە پینەکردنی دۆخەکە و، لەبواری مرۆییانەوە هۆشدارییان دەدا کە زیانی گیانی بەر دانیشتووان نەکەوێت. فەرماندە کوردەکانیش دەیانگوت ئەوان پاراستن لەسەر ئەو هۆردوگایانە هەڵدەگرن کە هەزاران شەڕکەری دەوڵەتی ئیسلامیی تێدا دیلکراون و هێزەکانیان دەبەنە بەرەی پێشەوە لەگەڵ تورکیا. ترامپ بە زریانێك لە جووکەی تویتەر بەرگریی لەبڕیارەکەی کرد و گوتی:"لەم جەنگە سەخیفە بێ کۆتاییە بێینە دەرەوە." یاریدەدەرەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کە وتەکانی شەوی پێشوویان نەبینیبوو، بەپەلە کەوتنە چاککردنەوەی زیانەکانی و گۆڕینی تۆنی دەنگی ترامپ. بۆیە لە کاتژمێر ١٠:٣٨ ی بەیانی رۆژی دووشەممە، لە تویتێکی دیکەدا ترامپ رایگەیاند:"ئەگەر تورکیا کارێك بکات و بەدڵی نەبێت، ئەوا ئابووری تورکیا لەناو دەبات." بەڵام بەیانی رۆژی سێشەممە ئەو تویتەی کشاندەوە! تویتی گێزەرەکەی گۆڕیی بۆ تویتی دار(کوتەك)کەکە. هەروەها لیستێکی درێژیی لەگازاندە دژ بەتورکیا خستەڕوو لە گەمارۆی ئابووری و باجی گومرگیی ئەمریکا و پێوەندیی تورکیا بە ئیران و فەنزێللا و گوتی ئەردۆغان کێشەی ئابووریی و سیاسیی هەیە و هەندێکیش لەوانە هۆکارەکەی ئەمەریکایە. تورکیا وڵاتێکی ئەندامی ناتۆیە و لەهەڵوێستی ئەمریکا و ئەوروپا نیگەرانە بەهۆی ئەو هەڕەشانەی لە ئەنجامی جەنگی ناوخۆیی سووریاوە تووشیهاتوون و ناچاری کردووە، سیستەمی بەرگریی هەوایی رووسیی S-٤٠٠ بکڕێت. ئەمەش پێشێلکردنی یاسای ئەمریکیی و پرتۆکۆڵەکانی هاوپەیمانێتییە. بەرامبەر ئەمەش بەڕێوەبرایەتی ئەمریکا تورکیای لەبەرنامەی پەرەپێدانی فڕۆکەی F-٣٥ دەرکرد. هەروەها ئەمەریکا بڕیاری فرۆشتنی ١٠٠ فڕۆکەی جۆری F-٣٥ راگرت. ترامپ سێشەممە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دەکرێت هەموو کێشەکان لەگەڵ تورکیا چارەسەر ببن. لە تویتێکی دیکەدا گوتی:"خەڵکانێکی زۆر ئەوەیان بیردەچێت کە تورکیا هاوبەشێکی گەورەی بازرگانیی وڵاتە یەکگرتووەکانە. لەراستییدا ئەوان ئاسنی پێویستی قاڵبی فڕۆکەی F-٣٥ دابین دەکەن، لەبیرتان نەچێت، پێش هەموو شتێك؛ تورکیا ئەندامی ناتۆیە."

ئەردۆغان لە ١٣ی نۆڤێمبەردا سەردانی ئەمەریکا دەکات. کەمێك دوای ئەوە جارێکی دیکە و لە تویتێکی دیکەدا ترامپ باسی کوردەکانی کردەوە گوتی:"لەهەموو حاڵێکدا کوردەکانمان جێنەهێشتووە،

ئەوانە خەڵكانێكی دیارن و جەنگاوەری ئازان". بەرامبەر ئەوەش پێوەندییمان لەگەڵ توركیا كە هاوبەشی ناتۆ و بازرگانییە زۆر باشە". دوای چەند چركەیەك دووبارە هۆشداریی دایەوە بە توركیا لەبارەی وێرانكردنی ئابوورییەكەی. ئەم هەڵوێستە پچڕپچڕانە ڕەخنەیەكی زۆری بەدوای خۆید هێنا لەبارەی توركیاوە، چونكە ئەمە گەڕەلاوێژەی خولڤاندووە. بەرپرسێكی باڵای ئەمریكیی دەڵێت؛"سەرۆك بەشێوازی خۆی كارێكی باش دەكات، لە پێوەندییە تەلەفۆنیەكەشدا ئەوەی كرد كە لێی چاوەڕوان دەكرا. ئەو بەرپرسە گوتی، ئەوەی كە دەیبینن و ئێمە دەیكەین، بەشێوازی كێویانەی رۆژئاوایی بە تویتەكانی؛ زۆر زیاتر یان كەمترە لەوەی بەشێوەیەكی ئاقڵانە رۆژی یەكشەممە لەسەر مێزەكەی دادەنرێت. ئێمە هەوڵدەدەین دوو كار بكەین. یەكەم بۆ چاككردنەوەی پێوەندییەكانمان لەگەڵ توركیا هەنگاو دەنێین و هانی دەدەین. دووەم نامانەوێت لەباكووری سووریا كارەسات ببینین. لەمبارەیەوە رۆژی سێشەممە وەزیری بەرگریی توركیا تویتێكی كردو نووسیی:"ئامادەكارییەكان بۆ ئۆپەراسیۆنەكە تەواوبوون". بەرپرسانی ئەمریكیش گوتیان:"كەمتر لە ٥٠ كەسی هێزەكانی ئەمەریكا كە لەهێزی ئۆپەراسیۆنی تایبەتن، لەدەرەوەی ناوچەی ئارام جێگیربوونەتەوە و، چاوەڕوانی ئۆپەراسیۆنی توركیا دەكەن تا ببینن و حوكمی لەسەر بدەن كە چۆن بووە و، تەواوی پرۆسەكە لگەڵ كشانەوەی ئەماندا چۆن بەرێوەچووە. شارەزایان هۆشدارییان داوە كە ئۆپەراسیۆنێكی فراوانی توركیا دەبێتە هۆی تێكچوونی باری ئارامیی لە هۆردوگای دیلەكانی داعشدا. ئازادبوونیان دەبێتە هۆی كشانەوەی زیاتری ئەمەریكا لە سووریا، ئەمەریكا نزیكی ١٠٠٠ سەربازی لە باكووری خۆرهەڵاتی سووریا هەیە. كە بە مەفرەزەی بچووك بەسەر خاڵی چاودێری زۆردا دابەشیكردبوون.

مەزڵوم كۆبانی عەبدی كە فەرماندەیەكی هێزەكانی سوریای دێمۆكراتییە، پەیامێكی بۆ هێزەكانی ئەمەریكا ناردووە و، گوتوێتی:"ئێمە دەزانین كە ئەم كشانەوەیە بڕیاری ئێوە نییە، ئێمە وئێوە براین و بە برایەتیی دەمێنینەوە". بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمەریكا دەڵێن دڵنیا نین كە توركیا هێرشێكی سنووردار دەكات و رێ بە هێزەكانی ئەمەریكا دەدات بەگەڕانەوە و چالاككردنەوەی ناوچەی ئارام، یان ناچاری دەكات بەرەو قووڵایی سووریا بڕۆن. هەروەها لەبەرەبەیانی رۆژی چوارشەممە داعش هەوڵی دا سەرنج بۆلای خۆی رابكێشێ و، بەكەمێك پێش كاتژمێر دوو، سێ خۆكوژی چوونە ناو هێزەكانی سوریای دێمۆكراتییەوە لە ڕەققە و خۆیان تەقاندەوە. لەگەڵ ئەوانیشدا كۆمەڵێك چەكداری دیكە كەوتنە شەڕەوە. لەو كاتەی هاوپەیمانەكان و لایەنە پێوەندیدارەكان لەهەوڵی ئەوەدان كۆدی تویتەكانی ترامپ بكەنەوە، توركیا سوورە لەسەر داگیركاریی و ئەوە بە دروست دەزانێت و ئامانجیشییێتی، ئامانجەكەش هێزەكانی سوریا دێمۆكراتییە كە هەرەشەیە بۆ سەر ئاسایاشی نەتەوەیی توركیا. رۆژنامەی "سەباح"ی توركیی نزیك لە ئەردۆغان رۆژی سێشەممە راپۆرتێكی بڵاوكردووەتەوە ونووسیویە:"هێزەكانی توركیا چاوەڕوانی كشانەوەی تەواوی هێزەكانی ئەمەریكا دەكەن، پێشئەوەی هێزی توركیی هێرش بكەن. سەرەتا فڕۆكە جەنگییەكان و تۆپەكانمان شوێنەكانی دوژمن دەكوتن، ئنجا هێزەكانی توركیا لەچەند خاڵێكی سنوورییەوە لە رۆژهەڵاتی "فورات"ەوە دەچنە ناوەوە. ڕاپۆرتەكە لەدرێژەیدا دەڵێت:"سوپای تورك بە قووڵاتیی ١٨ میل دەچێتە ناو خاكی سووریاوە(ناوی سەرچاوەی سەربازییشی نەبردووە) و، توركیا لە كاری مرۆڤانەی خۆی بۆ گێڕانەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەردەوام دەبێت".

+ فەهیم لە ئەستانبوڵ،
سارا دادوش لە بەیروت،
میسی رییان لە واشنگتۆن،
لەئامادەكردنی ئەم راپۆرتەدا بەشداربوون.
The Washington Post - ٠٩,١٠,٢٠١٩